

# له پەرەستگەوە تاکوو مزگەوت؛
# وشەیەکی پیرۆز لە پێناو ئایین و زماندا.

تویژینەوە و نووسینی: زانکۆ یاری

١٣٩٧/١٠/١٢
zanko.yari@yahoo.co.uk

**پێشەکی:**

بێ گومان پیرۆزبوونی جێگایەک، وەکوو بەهێزترین پێوەرە بۆ سەرەنجڕاکێشان و بەرەوخۆکێشانی خەڵک بۆ ئەو شوێنە تاکوو لەوێ بە باشی دۆعا و کاری ئایینی بکەن. ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لە جێگەیەکدا (بۆ پاڕانەوە و نزای ئایینی)، هێدی‌هێدی شۆناسێکی نوێ بۆ ئەو شوێنە بە دی دێنێت و دواتریش دەیکاتە ناوەندێک بۆ ئەو کارە. دیارە ئەو شوێنە پرەستگەیە، بە مەبەست و چەمک و وتایەکی گشتی لە لای خەڵکەوە.

هەروا کە دەزانن تێگەیشتن لە هەر زمانێک، پێویستی بە زانستی ئەدەبی-مێژوویی لە ڕازی وشەکانیەتی کە وەکوو ئاڵقەی زەنجیرێک لە تەنیشتی یەکدان تاکوو ناسنامەی بۆ درووست بکەن؛ چونکوو لە هەر زمانێکدا، تێپەڕینی ڕۆژگار دەبێتە هۆی لەبیرکردنی وشە کۆنەکانی. لەم نووسراوەدا، "مزگەوت" یەکێک لەو وشە کوردیانەیە کە لە ڕوانگەی زمان‌ناسیی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistic)، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەهۆی ئەوەوە لێرەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین.

**◈ له ئایین‌دا:**

واتا و چەمکی مزگەوت، له ڕوانگەی ئایینیەوه بریتیه له خانوویەک کە دۆعا و نوێژێ تێ‌دا دەکرێت و لە ئەستوون، بەرهەیوان و سرمیچ پێک‌هاتووه. ئەم وشە، ئێستاکه تەنیا وەکوو پەرستگەیەکی ئیسلامی به زەین‌دا دێت. له ئێسلام‌دا، مزگەوت شوێنێکه بۆ نوێژ و تاعەت‌کردنی موسڵمانان و گەورەترین کارێک کە لەوێ دەکرێ، نوێژ خوێندنه و گرنگ‌ترین بەشی نوێژ، کڕنۆش‌بردنە (سجدە)، کەواتە پێی دەڵێن مزگەوت (مسجد). کتێبی لسان‌ئەلعەرەب نووسیویه: «هەر جێگەیەک کە لەوێ نوێژ دەکرێت، مزگەوتە. (ئیبن‌مەنزور ۱۴۱۴: ب۳، ۲۰۴) مزگەوت لە سەردەمی پێغەمبەر و خەڵیفەکان‌دا، جگە لەوەی پەرەستگه بووه، بارەگا یان شوێنی ڕاپەڕینی کاروباری ڕۆژانەش بووه، هەروەها "مسجد"، وەکوو تاک و کۆ ۲۸ جار لە ۲۷ ئایەتی قورئانی پیرۆزدا بەکارهاتووه بەڵام چەند واتای جیاوازیان هەیه؛ بۆ نموونە: ۱۰۸ و ۱۲۵ی بەقەره، ۱۰۸ی تەوبه، ۱ی ئەسرا، ۱۸ی جن. (ئازەرنووش و مەکوەند، ۱۳۸۹)

له کۆنترین شێعره عەرەبییەکان‌دا، بەپێی بڕیاری جفری (Arthur Jeffery, 1892-1952)، مزگەوت واتایەکی گشتی هەیه و تەنانەت له ئەدەبیاتی سەردەمی تێنەگەیشتوویش‌دا (جاهلی)، هەر ئەو واتا گشتییەی مەبەست بووه. (جفری ۱۳۸۶: ۳۶۴) ئەو زۆر ڕوونه که وشەی مزگەوتە، ئاماژەیه بە جێگه و ناوچەیەکی بەفەڕ و پاک کە ئەمه داهێنانی ئایینی ئیسلام نەبووه و چەمکێکی گشتی هەبووه که مەبەست هەر جۆری پەرستگەیه.

**◈ بنچینەناسی:**

سەردەمی کۆنی زمانی کوردی واتا هەزارەی شەشم و پێنجەمی و سەرەتای هەزارەی چوارەمی زایینی، ناسراوه بە سەردەمی زمانە نامۆدێڕنەکان. لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مێد (Medes)، زمانی مێدی فەرمی بووه. ئاسەواره نووسراوەکان بەم زمانە زۆر کەمە یان تاکوو ئێستا نەدۆزراوەتەوه یان لەناوچوونە، بەڵام لە کۆنترین بەڵگەکان کە لە زمانی مێدی لە بەردەست‌دایه، دەتوانین ئاماژه بکەینە گاتاکان (Gathas)، کە نزیکەی ۷۰۰ساڵ پێش لە زایین بووه و بریتیه لە دۆعا و نزاکانی زەردەشتی پێغەمبەر و بناغەی ئەو ئایینەیە. لە زمانی ئایینی ئاڤیستادا (Avesta)، وەکوو زمانی پیرۆزی مێدەکان، بە باشی کاریگەریی زمانی کوردی دەبینین و زۆربەی شرۆڤەکان بە وشە کوردییەکان نووسراون. موحەممەد تەقی بەهار (۱۳۳۰-۱۲۶۵) دەنووسێت: گاتای زەردەشت بە زمانی "مێدی"یه و زمانی کوردی لە لقی زمانە ئێرانییەکانە و لە زمانی مێدییە. (سەبکشناسیی بەهار. ب۱، ل۵) زمانی ئاڤیستایی بەپێی توێژینەوەی چەندین ڕۆژهەڵات‌ناس وەکوو دارمستتر، ماکس مۆلر، نیکیتین و هتد، هەمان زمانی کوردیی کۆنە و زەردەشتیش هەر لەو نەتەوه هەڵاتووه و ئەو ناوچەیه کە زەردەشت لەو کتێبەدا باسی کردووه، تەنیا لەگەڵ شوێنی دانیشتنی مێدەکان بەرانبەریی هەیە. (د، شوانی، ۲۰۰۷)

گاتاکان سەر بە ڕابردوویەکی زۆر کۆنه، ئەم هۆنراوه وەک یەکەمین هۆنراوەی بەجێ‌ماوی نەتەوەی کورد دێته ئەژمار. (فەرهەنگی Dirinc/2013) مزگەوت وشەیەکی کۆن و ڕەسەنی کوردییه و هەروەها ڕەگی وشەکه لە ئایینی زەردەشته و له زمانی ئاڤیستا وەرگیراوه. وشەی مزگت (mzgit)، لێک‌دراوه و له بنەڕەت‌دا "مزکده" بووه کە له دوو بەش پێک‌هاتووه. گۆڕانی پاشگرەکه بەو شێوەیه وشەی "مز"، کورت‌کراوی وشەی مەزده. "مزد" یان " مەزد" واتا "خودا" (سەرنج بدەنه وشەی ئەهوورامەزدا)، وشەی کت یان گت واتا ماڵ–خانوو. (پاشەنگ ۱۳۸۱: ب۲، ۹۶۰). هەر ئێستاش چەن نموونەی بەکارهێنانی وشەیه لە زمانی فارسی‌دا بەجێ‌ماوه، وەکوو: "میکده"، "دانشکده"، "کدبانو"، "کدخدا" و هتد.) بەرەنجامی تێکەڵبوونی

وشــەکەیە لەگەڵ یــەکدا واتــا "پەرەســتگەی خــودا". دیســان (ســەرنج بدەنــە وشــەی هەمــان نــاوی ناســراوی هــورمەزد یــان ئەهــوورامەزدا.) بەم جــۆرە بــوو مــزگەوت، ســەرەتا جێگــەی پەرەســتنی مەزد (هــورمەزد) بــووە و ئەمــڕۆ لە ئــایینی ئیســلامدا واتــا شــوێنی هەرە ناســراوی خــودا پەرەســتی. وشــەکە وەکــوو هێمــایەکی مێژوویــی ئەوە وەدەردەخــات کــە "کــد"، "مــاڵ"ە و "مزکــد-مزگــت" کــە گۆڕدراوە، پێکەوە واتاماڵێک کە بۆ پەرەستنی خودایە.
تەنانــەت لــە ناوچــەکانی تــری ئێــران، هێشــتا هەر دەڵــێن "مَزگــت"، لــە دەورووبەری شــاری کاشــاندا (لە بــادروود) بــە خــانوو دەڵــێن مَزگــده یــان مَزکَــده. یــان هەنــدێک لە پەرســتگە کۆنــەکانی ئێــران، وەکــوو "ایســپیه مزگــت" لــە تــاڵش (مزگــەوتێکی ســپی کــە بەجێمــاوەی ئاگرخــانێکی کــۆن و گەورەیــە و لــە لایــەن ئەوانــەی کــە لــە ڕەچەڵەکدا خــەڵکی تاڵشــن وشــەکە وا بێــژە دەکرێــت) یــان "دزگامزگــت" لە مازەنــدەران. (ســەجادی ١٣٧٨) هەروەهــا وەک نموونــەی تــریش، لە چەنــدین شێعری فارسیدا وشەی "مَزگت" کە هەمان مزگەوتە بەکارهاتووە:
همچون کدویی سوی نبید و سوی مزگت، آکنده به گاورس که خرواری غنجی
(دیوانی ناسر خوسرەو، چ تقوی، س ٤٩٥).
صد مرد پیر و جوان.. اندر آن مزگت نشستەاند. (مێژووی بەیهەقی).
تو مشرف تری ز هر مردم، همچو بیتالحرم ز هر مزگت سوزنی.
ای برادر می ندانم تا چت است، کت وطن گە دیر و گاهی مزگت است.

لــە هــەموو ناوچــەکانی کوردنشــینەکاندا، لــەمێژەوە پرســتگەی ئــایینیی تــێدا بــووە، وەکــوو پرســتگەکانی هــەورامان. زۆربەی زاراوە کوردییــەکان لە بــاکوور، ڕۆژئــاوا و بەتــایبەت باشــوو و ڕۆژهەڵاتدا، ئەم وشــەیە وەک "مزگــت-مزگــەوت" بەکــار دێــت. لە ســاڵی ١٩١٠ی زایینــیدا لە ئەشــکەوتی جێشــانە، دەرووبەری شــارەزووری پارێزگــای ســلێمانی، شــێعرێکی چوارخشــتەکی بە دەستنووســی پەهــلەوی کــە لەســەر پێســتی غەزاڵێــک نووســرابوو، دەدۆزرێــتەوە؛ ئەم شــێعرە دە بــڕگەییە، کە دەڵــێن یەکــەمین شــێعری نووســراوەی کــوردی (بە زاراوەی هەورامــی) بــووە کــە تــاکووو ئێســتا زۆر باســی لەســەر کــراوە و مێــژووەکەی دەگەڕێــتەوە بــۆ ســەدەمانی ئەوەڵــی ئــایینی ئیســلام. لەم شــێعرەدا بــاس لــە لە هێرشــی عەرەبەکــان بەســەر کوردســتان و خــاپوورکردنی پەرەســتگەکان و ئاگرخانەکــان و بەنــدکردنی ژنــان و کچــانی کــورد، کــراوە. (س، کوردســتانی، ١٣٠٩) دەقی شێعری "هورمزگان" بە ڕێنووسی نوێ:
هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان،
وێشان شاردەوە، گەورە گاوران،
زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور،
گونای پاڵە هەتا شارەزوور،
شەن و کەنیکان وە دیل بەشینا.
مێرد ئازا تلی وە ڕووی هوونینا،
ڕەوشت زەڕدەشترە، مانۆوە بێکەس،
بەزیکا نەیکا، هورمز وە هیچ کەس.
وکــوو بەڵگەیەکیتــر، لە یەکەم دووخشــتەی ئەوەڵــی شــێعرەکە، وشــەی هورمزگــان (هــورمزگ)، مەبەســت لــە پەرەســتگە و ئاگرخانــە و واتــای مزگــەوتی هەیــە، کــە لە کتێبــی "ســەرەنجام"دا وەک جێگــایەکی پــاک و پیــرۆز، ئامــاژەی بــۆ دراوە. (ســەفیزادە ١٣٧٥: ٥١٤) دەبــێ ئەوەشــی لەگــەڵدا بڵــێم کــە تــاکوو ئێســتا کەســێک نــەیزانیوە ئــەم شــێعرە لــە کوێیــە و چــی بەســەردا هــاتووە!. (شــاهۆ

عەبـدی، وتـار: لێکۆڵینەوەیـەک لەسـەر چامـەی هۆرمزگـان) ئەم وشـە چـووەتە نێـو زمـانە ئۆرووپاییەکـانیش؛ ڕۆژهەڵاتناسـی ئینگلیـزی، ئیسـتانلی لینپـوول (١٩٣١-١٨٥٤ Stanley LanePoole) نووسـیویە: مزگـەوت لە لە زمـانی ئیتالیـاییدا وەکـوو moschea بەکارهـاتووە. دیسـان چـووەتە نێـو زمـانی لـە فەڕەنسـی وەکـوو mosquee و ئینگلیـزیدا وەکـوو mosque بەکارهـاتووە. لـە زمـانی ئەرمەنـیشدا وشـەی Maskit بەکاردێـت [١١]. هـەمووی ئەوانـە لـە سەرەتادا لە ڕەگی کوردیی "مزگت"، وەرگیراون.

❖ لە زمانی ئارامیدا:

هەنـدێ کەس ڕوانگەیـان ئەوەیـە کـە وشـەی کـوردیی مزگـەوت، لە زمـانی ئـارامییەوە هـاتووەتە نێـو زمـانی عەرەبـی. بـۆ نمـوونە: دێهخـودای فەرهەنـگنووس (١٣٣٤-١٢٧٥)، بـەپێی سـەرچاوە کۆنەکـان و هێنـانی چەنـد نموونـە، نووسـیویەتی کـە وشـەی عەرەبیـی "المَسـجد"، لە بنـەڕەتدا، بـە شـێوەی "مَزگِـت" لە ئـارامییەوە هـاتۆتە نێـو عەرەبـی و فارسـی، هـەروەها هێنـاویەتی کـە پیتـەکانی "ز"، "گ" و "ت" لە عەرەبـیدا بـە "س"، "ج" و "د" گـۆڕدراوە. دەسـتەیەک لە زمانناسـان و شـیکەران وەک سـیوتی دەڵـێن: ئەم وشـەیە هـاتۆتە نێـو زمـانی سریانیشـەوە. (ئیبنیکوتـب، سـیوتی، ١٤٩٠) بەرانـبەری ئەم وشـەیە لە زمـانی سـەریـانی و مـەنـدایی، "مَسْـگداء"یە. لە نـەبتـی، ئـارامی و سـەریـانی بەشـێوەی msgd بەکـارهێنراوە. بەڵام بەس دەبـێ سـەرنجی ئەوەش بـدەین کە زمـانی عەرەبـی و عبـری و سـەریـانی و نـەبتـی تـاکوو ڕادەیـەک بنچینەیەکی هاوتایان هەیە. (ئەحمەد، ١٣٨٤)

❖ لە زمانی عربیدا:

عەرەبـی لە لقـی زمـانی سـامییە، واتـای وشـەی مزگـەوت لە سـامیدا بـریتیە لە: ١-پەرەسـتگە. ٢-خـانوو یـان وارشـەی دەوری گـۆڕ–پـلە و جێگـا. ٣-کڵێسـە. ٤-شـوێنی نـوێژ و پـاڕانەوە. (ئـازەرنووش، مەکوەنـد، ١٣٨٩) زۆر کەس وا گومـان دەکەن هەر لە سـەرەتاوە "المَسـجد"ی، عـەرەبی بـووە و بەو جـۆرە وشـەکە بێـژە دەکەن. هەرچەنـد ئـەو وشـەیە و وشـە لێکبوونەوەکـانی، زۆر لە قورئـاندا هـاتووە بەڵام گەر بڵێـین هـاتنی وشـەکە لە عەرەبییـەوە بـۆ ئارامییـە، زۆربەی ئەو واتایـانەی کە لە فەرهەنگـە عەرەبییەکـاندا هێنراوەتەگـۆڕێ بنەمـای زمانناسـیی نیـیە. بەپێـی ڕێزمـانی عـەرەبی (صـرف و نحـو)، نـاوی شـوێن لـە سـجد بەسـەر کێشـی (مَفعَل)ە بـەڵام وشـەی مسـجد بەسـەر کێشـی (مَفعِل)ە (لسـانئەلعـەرەب، ١٤١٤)، لە زمـانی عەرەبـیدا لەدوای چەنـد گـۆڕان و جێبـەجێ بوونەوەیـەک هاودەسـتەیان بـۆ دانـاوە "مسـجد" (وەرگیـراو لـە مزگـەوتی کـوردی) نـاوی شـوێن لـە "سـجد" نیـیە، بەڵکـوو "سـجد" و "مسـجد" بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ و جیـاواز هـاتووەتە نێـو عەرەبـی و لـەوێ تووشـی هەڵە بـووە. بـەڵام چ لـە سامی و عربـیدا چەمکـی وشـەی مزگـەوت، واتـای گشـتیی "پەرەسـتگە"ی لـەخۆ گرتـووە و لێکۆڵینـەوە لەسـەر شـێعرە عەرەبییـەکان لـە کـۆندا بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە کـە ئـەم وشـە پـێش لـە هـاتنی ئیسلام، لـە زمـانی عەرەبیدا بەکارنەهاتووە. [٨]

---

## سەرچاوەکان:

1-شـوانی، د. ڕەفیـق، *زمـانی کـوردی و شـوێنی لـە نـاو زمانـەکانی جیهـاندا*، دەزگـای توژێنـەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم–هەولێر ٢٠٠٨.

2-یـەعقووبی، حوسـێن، *زمـان، وەرگێـڕان و پەیوەنـدی کولتوورەکـان* (نووسـین و وەرگێـڕان)، وەرگێڕانـی: ئیسـماعیل زارعـی، چاپخانـەی دەزگـای ئـاراس، کـۆلێژی پـەروەردە، سـۆران، چـاپی یەکـەم–هـەولێر ٢٠٠٧.

3–موکریـــانی، د. کوردســـتان، ۱۹۷۷، *ســیر تطــور زبــان کــوردی و مجموعــه زبــان هــای ایرانــی*، چــاپی یەکەم، ۱۳۹۴ ناوەندی: (پژوهش و سنجش افکار صدا و سیما).
۴-پاشەنگ، موستەفا (۱۳۸۱)، *"فەرهەنگی پارسیی پاشەنگ"* ، بڵاوکردنەوەی: نووسەر، بیجا.
۵-واســتی، زەبیــدی، حەنــەفی، موحبئەلــددین، ســەید موحەممــەد مــورتزا حوســێنی، *"تــاج العــروس مــن جواهر القاموس"* ، لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی: شیری، عەلی، ب ۵، تاران.
۶- بەهار، موحەممەدتەقی، ۱۳۴۹، *"سبک‌شناسی"*، چ سێهەم، بڵاوکردنەوەی پەرەستوو، ب۱، تاران.
۷-سەجادی، سەید موحەممەدتەقی، *"تاریخ و جغرافیای تاریخی"* ، بڵاوکردنەوەی: موعین، ۱۳۷۸.
۸-عەلیئەکبەر، دێهخودا، *"فرهنگ فارسی دهخدا"* .
۹-جفــری، ئـــارتوور، (۱۳۸۶)، *"واژەهـــای دخیـــل در قـــرآن کـــریم"* ، وەرگێرانـــی فەرەیـــدوون بـــەدرەیی، چ دووهەم، بڵاوکردنەوەی: تووس، تاران.
۱۰-ئیبنمەنزوور، موحەممەد بن کەرەم (۱۴۱۴)، *"لسانئەلعەرەب"* ، چ سێهەم، دار سادر، بەیرووت.
۱۱-ئـــازەرنووش، مەکوەنـــد ۱۳۸۹، *بررســـی زبان‌شـــناختی واژە قرآنـــی "مســـجد"* ، گۆڤـــاری توێژینـــەوە زانستییەکانی قورئان و مزگەوت، س۷، ژ۱، ۱۳۸۹.
۱۲-سیوتی، جەلالئەلددین ۱۵۰۵–۱۴۴۵، *"الاتقان فی علوم القرآن"* ، دارەلجەلیل، بەیرووت، ۱۹۹۴.
۱۳-ســاڵح ئەلعــەلی، ئەحمــەد (۱۹۱۸)، *"عــرب کهــن در آســتانه بعثــت"* ، وەرگێرانــی هــادی ئەنســاری، بڵاوکردنەوەی: ئەمیرکەبیر، ۱۳۸۴، تاران.
۱۴msgd" in Comprehensive Aramaic Lexicon. Hebrew Union College, Jewish Institute of -
.Religion. Cincinnati, USA. Retrieved June ۲۹' ۲۰۱۳.